# نهێنیەكانی سیاسییەك

عومەر جەلال

Omargalal2004@yahoo.com

كەس یادی نەماوە من كەی لەدایك بووم ,یان كوڕی كێم,سەر بەكام خێڵم ,ئەوەندە دەزانم كەلەدایك بووم نەفرەتم لەباوك و دایك و هەموو مرۆڤایەتی كرد,هەرگیزاو هەرگیز هیچ پۆلێكی سارد و سڕی قوتابخانەم نەدیووە,تەنانەت یەك پیت چیە نایناسم,بەڵام ئەگەر بمەوێت لە گەورەترین پۆست دا خۆم جێگیر دەكەم. تا هەنووكە نەمتوایەوە بۆنی گوڵێك بكەم ,هۆنراوەیەك بخوێنمەوە, ئەوە عەشق بە خەیاڵیشم دا نەهاتووە و لێوان لێوم لە بۆنی خوێن ,بۆنی خوێنی ئەو مرۆڤانەی خیانەتم لێكردن و لەناوم بردن,نەمتوانیوە بۆ ساتێك بگەڕێمەوە بۆ كۆڵانەكانی مندالی ,هێندە دەزانم مندالی من وەك خەونێك وابوو لە باوەشی سۆزانیەك دا ,ئەوەندەی لەتەك ئافرەتی جودا نووستووم نیو هێندە لەتەك خێزانەكەم نەنووستووم,ئەوەندەی مەمكی ئافرەتم گرتووە ئەوەندە فیشەكم نەناوە بەدوژمنەوە.

خەونی من ئەوە یە زۆرترین دەسەلأتم هەبێت بتوانم ئاپارتمانێك لە پارە دروست بكەم و گەورەترین شەڕی من ئەوەیە بتوانم نەمرم.ئەگەر مردیشم بە هاورێكانم دەڵێم ژیانی من گەورەترین زیندان بوو فلووت لێدان بۆمن كەمە, بەئەندازەی درۆی مانگ لەتەك رۆژ درۆم كردووە,وەك ڕەشەبا چۆن شەپۆلی ئاو تێك دەدات ئاوها ئاوەزی مرۆڤەكانم ئاوێتەكرد.

ڕەنگەكانی سروشت هیچی ناناسمەوە,پێویستم بەوە نیە سووری ئێوارە ببینم بەر لەئاوابوون ئەوەندەی خولیای ڕەنگی سووری خوێنم, خوازیار نیم لە بەر باران بوەستم وەك شێتێك تەماشای هاوسەنگی دلۆپەكانی بكەم ئەوەندەی خوازیاری بینینی هاوسەنگی ئەو فیشەكانە بكەم دەمنان بە هاورێكانمەوە,تف ڕۆدەكەمە نێوچەوانی ئەو گەنجانەی باسی مۆدێرنێتەم بۆ دەكەن ,چاوی ئەو مامۆستایانە دەردەكەم كە لەوانەكانیان دا باسی گەورەی حیزبەكەم نەكەن ,زمانی مەلاكانی مزگەوت دەبڕم لە ووتارەكانیان دا لە تەك پیاوچاكان پۆلێنم نەكەن,ژووری هەموو دام و دەزگاكان دەروخێنم تەژی نەبن لەوێنەكانم ڕێگە نادەم بەهیچ كۆمپانیایەك تا هاوبەشم نەبێت,مۆڵەتی یاسای نادەم بەهیچ رۆژنامەیەك تا نەتوانێت بمكات بەمانشێتی رۆژنامەكەی

دەرگای دادگا دادەخەم ئەگەر لەیاساكانم دەربچێت وسزای لەسێدارەدان بۆمن دەبێت بگۆردرێت بۆ پاداشت. ئاساییە ,ئەندامی ناو حیزبەكەم گەورەترین جەنگ بەرپا بكات و خودی خۆم لە كۆبوونەوەكانی ئاشتی

ببم,کوڕەکەم بۆی هەیە لەبەرزترین کۆلێژ وەرگیرێت و نزم ترین پلەی هەبێت,کچەکەم دەتوانێت بەسەر هەموو کوڕێك دا لێخورێت و کەس نەلێت بۆ؟؟؟؟؟؟؟؟

من بۆئەوە دروستم بووم ژیانی مرۆڤایەتی بکرمەوە و نەهێلم تامی مەستی بکەن,مرۆڤ بۆ هەبێت کەمن هەبم ئەگەر لەوان گەورەترنەبم,ژیان لای من مانای ئەوە نیە مرۆڤ نەژێت بەلاّم وەك من نەبێت ,لەتوانامبایە تەمەنی مرۆڤەکانم بۆخۆم داگیر دەکرد هەروەك چۆن ئاوەزیانم بۆم خۆم بردووە,گەر لەدەستم بایە شەوی هەموو بووکێنیەکان ئامادەگیم دەبوو بەر لە زاواکان.

یادم نەماوە کەی بوو باوکم مرد ,ئەو باوکەی هێندەی کوڕەکەم لێم دەدا,ئەو باوکەی چەندین جار میزم دەرخواردی دەدا,دایکم ئەومرۆڤەی دۆزەخ لەژێر پێکانیدا بوون ,ئەوەندەی لەتەك پیاوی دیکە دەمبینی نیو هێندە کۆشی باوکمی نەدیبوو,من لەژوورێکدا گەورەبووم بەفیشەك هەلْماتم دەکرد, جگە لەوێنە ی تەقەمەنی هیچی دیم نەدەزانی بە پاشماوەی مینەکان تۆپانم دەکرد,تەنیا سرودی"بابە برام چەك هەلگرن"م دەزانی,کاری رۆژانەم دزی بوو چی دیکەم نەدەزانی,بۆنی بارووت خۆشترین بۆن بوو لام و هەنووکەش جلووبەرگم بۆنی ئەوسای لێ دێ .من واگەورەبووم و لە جەنگەکاندا دا لەدوای دواوەبووم و لە دەسکەوتیش لە پێشەوە بووم,هەروەك چۆن لەهەلْهاتن لەپێشەوە بووم ,من لە یادمە سەرەتای شەڕی ناوخۆمن پێشەنگی بووم و هیچ کات ئەوەندە ئاسودە نەبووم کە برای خۆم دەکوشت و گەورەترین پاداشتم لەشەڕی ناوخۆ وەرگرت و بەختەوەربووم,خیانەت بۆمن وەك هەلْمژینی دوکەلّی ئەو جگەرە وابوو لە کۆشی سۆزانیەکان دەمکێشا.

هەلگیرسانی شەڕ بۆمن وەك شەوانی خواردنەوەی سەر مێزەکان وابوو نەمدەزانی چۆن دەستم پێدەکردوو چۆن کۆتایی دەهات,کوشتنی ئەو کەسانەی کە بەدەستی خۆم دەمکوشتن وەك کوشتنی پەپولەیەك وابوو بەسانایی,بڕوام بەوە نیە شتێك بەناوی خەم لە ژیانی مندا هەبێت ,هەموو چێژێکی خۆشبەختیم ئەزموون کردووە و نازانم چ ماوە نەمدیبێت.

بێزار دەبم بەو وێنانەی بە ناوی شەهیدەوە بلاّوی دەکەنەوە,ئەو شەهیدانەی خۆم لەناوم بردن و هەر خۆم زیندەبەچالّم کردن و بەناوی دوژمنەوە ,هەنووکە لەشوێنێکدام نەدەزانم سەرمای زستان چیەوگەرمای هاوینم نەدیووە و تەنانەت هەندێ جار نازانم چ وەرزێکە,مێژووی من پڕە لە توڕەبوون و جەنگ ئەگەر بەیانیەك بە خوێن دەم وچاوم نەشۆم هەرگیزخەو بەرم نادا وتەنانەت توانای هەناسەدانیشم نامێنێت,هەناسە بۆمن زۆر گرنگ نیە یادم نەماوە کەی من هەناسەی حەسرەتاویم هەلّکێشابێت خۆ ئەگەر پێمبکرابا هەناسەی پەپولەکان و خەونی منداڵە یاخیەکان و ناسکی گولّەکان و فڕینی بالّندەکان و هاژەی ئاو و دەستەکانی "با"و تەنیایی باخچەکان و بالّی کۆلارەکان و عەشقیی گولّە بەرۆژەو سپێتی بەفر و گۆرانی "باران"و ئاوێنەی شێتەکان و قەلّەمی نووسەرەکان و جوانیی ڕەنگەکان و بۆنی مندالّی و سەفەری هەورەکان و خەندەی بەیانیان و گریانیی ئاسمانم داگیر دەکرد.

**ئەفسووس, پاش خۆم بڕوام بەکەس نامێنێت مێژووی من بنووسێتەوە**

**هیچ نەماوە نەمکردبێت ژیانی من لەوە گەورە ترە کەس بتوانێت بمنووسێتەوە و خەونی من لە وە ڕەش ترە کەس بتوانێت تەفسیری بکات, دەنگی من لە وە بەهێزترە کەس بتوانێت گوێبیستم بێت,هاواری من لە وە شێواو ترە کەس بتوانێت تەماشام بکات,من سیاسیەکی دیکتاتۆرم و دیکتاتۆرێکی سیاسیم.**